# دەیڤید بێکهام

## (کورتەیەك لە ژیانی دەیڤید بێکهام)

نووسینی: بێرنارد سمیس

وەرگێڕانی: زانکۆ سەمین

پێداچوونەوەی: حەیدەر ئیبراهیم

# پێناسی کتێب

ناوی کتێب: دەیڤید بێکهام

نووسینی: بێرنارد سمیس

وەرگێڕانی: زانکۆ سەمین

پێداچوونەوەی: حەیدەر ئیبراهیم

تایپ: بڕوا محەمەد

ژانر: چیرۆك (ئینگلیزی- کوردی)

# پێڕست

کێ یاریزانێکی بەناوبانگی ئینگلیزە؟ ______ 5

ڕۆژانی خۆش و ڕۆژانی ناخۆش ______ 5

قوتابییە یاریکەرەکە ______ 9

دریسە سوورەکە بە ژمارە (7)ەوە ______ 13

ڤیکتۆریا و بێکهام ______ 15

جامی جیهانیی (2002): بێکامو! بێکامو! ______ 19

پیاوی خێزان ______ 21

ماڵئاوا سوورپۆشەکان ______ 23

## ‘Who is a famous English footballer?’

Ask people this question and they usually answer, ‘David Beckham!’ People in every country know his name. Manchester United's Number 7, the captain of England, and now Real Madrid' Number 23. David Beckham is always in the newspapers and on television.

The stories aren't only about football. In Britain there is a new story every day about his family, his advertisements, his money, his cars or his hair. Many people love him; some people don't. But David Beckham is a very famous footballer.

## Good Days and Bad Days

It is October 2001. England is playing Greece in the World Cup. The England fans are very quiet. They are unhappy because Greece is winning. The score is Greece 2 - England 1.

Suddenly the referee stops the game. England have a kick. The Greek players stand in front of their goal. A tall young England player takes the kick. The ball goes up and to the right. Then it goes down and to the left - and the ball is in the goal. The score is England 2 - Greece 2.

England are going to the World Cup finals! The England fans are very happy. Now they are shouting for that young player, David Beckham. Every newspaper has the same story: 'David Beckham does it again!" It is a very good day for him.

---

*World Cup: Every four years many countries play in this football competition.

## ((کێ یاریزانێکی بەناوبانگی ئینگلیزە؟))

ئەمە لە خەڵکی بپرسە، ئەوان زۆر کات وەڵامدەدەنەوە و دەڵێن:"دەیڤید بێکهام". خەڵکی هەموو وڵاتێك ناوی ئەو دەزانن. ژمارە (7)ی مانجستەر یونایتید، کاپتنی ئینگلتەرا و ژمارە (23)ی یانەی ڕیاڵ مەدرید بوو. چیرۆکەکانی بێکهام هەمیشە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بوون. چیرۆکەکان تەنیا دەربارەی دووگۆڵی (یاریی تۆپی پێ) نین. لە بەریتانیا هەموو ڕۆژێك چیرۆکی نوێ دەربارەی خێزانەکەی، ڕیکلامەکانی، پارەکانی، سەیارەکانی، یاخود (ستایل)ی قژی هەیە. زۆرێك ئەویان زۆر خۆشدەوێت، هەندێ کەسیش خۆشیان ناوێت. بەڵام دەیڤید بێکهام یاریزانێکی زۆر بەناوبانگی تۆپی پێ پێیە.

## ((ڕۆژانی خۆش و ڕۆژانی ناخۆش))

مانگی (10)ی ساڵی 2001ە. ئینگلتەرا لە جامی جیهانیدا بەرانبەر یۆنان یاری دەکات. هەوادارەکانی ئینگلتەرا زۆر بێدەنگ بوون. ئەوان زۆر خەمبار بوون، چونکە خەریك بوو یۆنان یارییەکەی دەبردەوە. ئەنجامەکە بەم جۆرە بوو یۆنان (2) ئینگلتەرا (1).

لەناکاو ناوبژیوانەکە یارییەکەی ڕاگرت. ئینگلتەرا لێدانێکی ڕاستەوخۆی بۆ گیرا، یاریزانەکانی یۆنان لەبەردەم گۆڵەکەیان وەستا بوون و یاریزانێکی بەرزی گەنجی ئینگلتەرا لێدانەکە جێبەجێ دەکات. تۆپەکە بەرز دەبێتەوە بۆ لای ڕاست، دواتر بۆ لای خوارەوە، بۆ لای چەپ و تۆپەکە لە گۆڵەکەدایە. ئەنجامەکە بەم جۆرەی لێ هات ئینگلتەرا (2) یۆنان (2). ئینگلتەرا دەچێتە کۆتاییەکانی جامی جیهانی و هەوادارانی زۆر دڵخۆشن. ئێستا ئەوان هاوار بۆ یاریزانە گەنجەکە دەکەن، "دەیڤید بێکهام." هەموو ڕۆژنامەکان هەمان چیرۆکی دەیڤید بێکهام بڵاودەکەنەوە. ڕۆژێکی زۆر باش بوو بۆ دەیڤید.

---

جامی جیهانی: هەموو چوار ساڵ جارێك زۆرێك لە وڵاتان بەشداری لەم پاڵەوانێتییەی تۆپی پێدا دەکەن.

But David Beckham remembers a day in 1998. He is twenty-three years old. He is in France and the game is against Argentina. Again, he is playing for England in the World Cup. But that day is going to be a very bad day for him.

An Argentinian player suddenly runs into him and he falls down. The Argentinian, Simeone, stands near him. He is smiling. David is young and he is angry. He kicks Simeone lightly with his right foot.

The referee comes quickly. He has a red card in his hand. It is the end of the game for David Beckham. Now England only have ten players. The ten men play well, but Argentina win.

That was David's first red card, but the newspapers all had the same story: England can't win the World Cup now, because David Beckham is an angry little boy.' It was a very unhappy day for David. He doesn't like remembering it.

But it was an important day too. Now he knows, An angry player is not a clever player. These days David plays well and he doesn't often get angry.

بەڵام دەیڤید بێکهام ڕۆژێکی لە ساڵی (1998) بیردێتەوە کە تەمەنی 23 ساڵان بوو. ئەو لە فەڕەنسایە و یارییەکەش دژ (بەرانبەر) ئەرجەنتینە. دیسان لە جامی جیهانیدایە و بۆ ئینگلتەرا یاری دەکات، بەڵام ئەو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژێکی زۆر خراپ بۆی.

یاریزانێکی ئەرجەنتین لەناکاو خۆی پیادا کێشا و دەیڤید کەوتە سەر زەوی. سیمیۆنی لە نزیکیەوە وەستاوە و زەردەخەنە دەکات. دەیڤید کوڕێکی گەنج و توڕەیە. ئەو بە پێی ڕاستی، بەسوکی، لە سیمیۆنی دەدات. ناوبژیوانەکە بەخێرایی هات و کارتی سووری لە دەستدا بوو. ئەمە کۆتاییی یارییەکە بوو بۆ دەیڤید بێکهام. ئێستا ئینگلتەرا تەنیا (10) یاریزانی هەیە. (10) یاریزانەکە بەباشی یارییان کرد، بەڵام ئەرجەنتین بردیەوە.

ئەوە یەکەم کارتی سووری دەیڤید بێکهام بوو، بەڵام هەموو ڕۆژنامەکان هەمان هەواڵ (چیرۆک)یان بڵاو کردەوە: "ئینگلتەرا نەیتوانی جامی جیهانی بباتەوە، بێکهام کوڕێکی بچووکی توڕەیە." ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ دەیڤد. حەزی لە بیرهێنانەوە (یادکردنەوە)ی ئەو ڕۆژە نییە.

بەڵام ڕۆژێکی گرنگیش بوو بۆی، چونکە ئێستە دەزانێت کە یاریزانێکی تووڕە، یاریزانێکی ژیر (زیرەك) نییە. ئەم ڕۆژانە دەیڤید بەباشی یاری دەکات و زۆر کاتیش تووڕە نابێت.

## The Schoolboy Footballer

On 2 May 1975, David Beckham came into the world in Leytonstone, in London. His father and mother, Ted and Sandra Beckham, were big football fans. Every Christmas little David had a new football and a new football shirt from his father. It was always a Manchester United shirt. The family lived in London, but his father was a very big fan of the reds'.

David wasn't very good at school. Schoolwork wasn't interesting or important to him. But he liked playing football.

He played with a ball every weekend and every evening after school, usually with friends or with his father. His father played football too and he was a good teacher.

David was small and thin then, but his legs were strong. He liked running very quickly with the ball at his feet. He did long kicks and short kicks, again and again, every day.

In 1986 he was eleven years old and he was a good little footballer.

**((قوتابییە یاریکەرەکە))**

لە 2ی مانگی 5ی ساڵی 1975 دەیڤید بێکهام لە لیتۆنستۆن، لە لەندەن لە دایك بوو. باوك و دایکی "تێد و ساندرا بێکهام" هاندەری سەرسەختی تۆپی پێ بوون. هەموو جەژنێکی سەری ساڵ دەیڤدی بچووك تۆپێکی نوێی تۆپی پێ و درێس (تیشێرت)ێکی نوێی تۆپی پێی لەلایەن باوکیەوە وەردەگرت. هەمیشە درێسی مانجستەر یونایتید بوو. خێزانەکە لە (لەندەن) دەژیان، بەڵام باوکی هەواداریێکی سەرسەختی (سوورپۆشەکان) بوو.

دەیڤید زۆر باش نەبوو لە قوتابخانە و ئەرکی قوتابخانە بەلای ئەوەوە خۆش یان گرنگ نەبوو، بەڵام حەزی لە یاریی تۆپی پێ بوو.

ئەو عادەتەن لە کۆتاییی هەفتە و دوای قوتابخانە لەگەڵ هاوڕێکانی یان لەگەڵ باوکیدا بە تۆپ یاریی دەکرد. باوکیشی یاریی تۆپی پێی دەکرد و مامۆستایەکی باشیش بوو.

دەیڤید منداڵێکی بچووك و باریکەلە بوو، بەڵام قاچەکانی بەهێز بوون. ئەو کاتانەی تۆپی لە قاچدا دەبوو، حەزی لە ڕاکردنی زۆر خێرا بوو. هەموو ڕۆژێك دووبارە و دووبارە لێدانی کورت و درێژی جێبەجێ دەکرد.

لە ساڵی (1986)دا، تەمەنی (11) ساڵان بوو و یاریزانێکی بچووکی باشی تۆپی پێ بوو.

One day there was an advertisement on television for a competition. It was a football competition for schoolboys at the Bobby Charlton Football School. 'Can I try the competition?' David asked his father.

'You're very young.' his father said. "The boys in this competition are usually big and strong, and fifteen or sixteen years old. But you can try. Why not?"

His father went with David to the football school. The people there smiled because David was small and thin. But then they started the competition - long kicks, short kicks, running with the ball. And David won. Then those people asked, 'Who is that boy?

'His name's David Beckham,’ David's father smiled. And one day he's going to play football for Manchester United and England.

ڕۆژێك لە تەلەڤزیۆن ڕیکلامێك کرا بۆ پاڵەوانێتییەکی تۆپی پێ بۆ کوڕانی قوتابخانەی تۆپی پێی بۆبی چارلتۆن بوو. دەیڤید لە باوکی پرسی: "دەتوانم پێشبڕکێیەکە تاقی بکەمەوە (بەشداری تێدا بکەم)؟"

باوکی وتی: "تۆ زۆر گەنجیت. کوڕەکانی ئەم پاڵەوانێتییە عادەتەن گەورە و بەهێزن و پازدە یان شانزە ساڵانێك دەبن. بەڵام بۆچی نا؟ دەتوانیت بەشداری بکەیت.

باوکی لەگەڵ دەیڤید چوون بۆ قوتابخانەی تۆپی پێیەکە. خەڵکی ئەوێ زەردەخەنەیان کرد، چونکە دەیڤید بچووك و باریکەلە بوو. دیار بوو دواتر دەستیان کرد بە پێشبڕکێ (پاڵەوانێتی)یەکە- لێدانی درێژ، لێدانی کورت، ڕاکردن بە تۆپەوە– جێبەجێ کران و دەیڤید بردییەوە، ئینجا خەڵکەکە پرسییان: ئەو کوڕە کێیە؟"

باوکی زەردەخەنەی کرد و وتی: "ناوی دەیڤید بێکهامە و ڕۆژێ دادێ یاری بۆ مانجستەر یونایتید و ئینگلتەرا دەکات."

## The Red Shirt with the Number Seven

David played at school. He also played football for Chingford and Essex, places near his home. At thirteen he went to a football school for boys at Manchester United. He went every summer holiday.

At sixteen he stopped going to school and three months later, in July 1991, a man from Manchester United came to Ted Beckham's house.
'Your son is a good young player. We'd like him for Manchester United,' he said.

At sixteen years old, David was a boy player for Manchester United. In 1992 the boys won an important competition, and in September that year David played his first game for Manchester United against Brighton. He was seventeen.

In the early years with Manchester United, David was young and he was sometimes angry. But after the red card in the game against Argentina, he stopped getting angry. Today newspapers and fans sometimes say bad things about him or about Victoria and his children. Then he gets angry. But not often in a game.

**((درێسە سوورەکە بە ژمارە (7)ەوە))**

دەیڤید لە قوتابخانە یاریی تۆپی پێی کرد، هەروەها یاریی بۆ چینگفۆرد و ئێسیکسیش کرد کە نزیك ماڵەکەی بوون. لە (13) ساڵیدا چوو بۆ قوتابخانەیەکی تۆپی پێی کوڕان لە مانجستەر یونایتد. هەموو پشوویەکی هاوینان دەڕۆیشت بۆ ئەوێ.

لە (16) ساڵیدا وازی لە ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە هێنا و (3) مانگ دواتر لە مانگی (7)ی (1991) پیاوێك لە مانجستەر یونایتیدەوە هات بۆ ماڵەکەی تێد بێکهام.

پیاوەکە بە باوکی بێکهامی وت: "منداڵەکەت یاریزانێکی گەنجی باشە و حەزمان لێیە یاری بۆ مانجستەر یونایتید بکات."

لە تەمەنی شانزە ساڵیدا، دەیڤید یاریزانێکی کوڕ بوو یاریی بۆ مانجستەر یونایتید دەکرد. لە ساڵی (1992) کوڕەکان پاڵەوانێتییەکی گرنگیان بردەوە، لە ئەیلوولی ئەو ساڵەدا دەیڤید یەکەم یاریی خۆی بۆ مانجستەر یونایتید کرد لە دژی برایتۆن. ئەو کات تەمەنی حەڤدەساڵان بوو.

لە ساڵانی سەرەتایدا لەگەڵ یانەی مانجستەر یونایتید دەیڤید گەنج بوو و هەندێك جاریش تووڕە دەبوو. بەڵام دوای کارتە سوورەکەی لە یاریی دژی ئەرجەنتین وەری گرت دەستی لە تووڕەبوون هەڵگرت. ئەمڕۆ ڕۆژنامەکان و هەواداران هەندێك جار شتی خراپ لەبارەی ئەو، یان لە بارەی (ڤیکتۆریا)، یان لەبارەی مناڵەکانیەوە دەڵێن و دەنووسن، هەربۆیە تورە دەبێت، بەڵام زۆر کات لە یارییەکاندا تووڕە نابێت.

In September 1996, David played for England for the first time. After that he played for his country many times and in November 2000, in a friendly game against Italy, he was the new captain.

He played well for Manchester United too, and in 1999 they won three big competitions. The first two were English football competitions. Then they beat Bayern Munich and won the European Cup. It was very good year for 'the reds'

## "Posh and Becks"

The year 1999 was very happy for David too. That year he married Victoria. In 1996 and 1997, the number one girl singers in Britain were the "Spice Girls”. There were five of them. They sang and they danced. They were famous in many countries.
One day some Manchester United players watched the Spice Girls on television.

One of them said. "There's the girl for you, David. The girl with the yellow hair." "No, he said. "The dark girl with the long legs, that's the girl for me.

And he was right. Her name was Victoria Addams, or "Posh Spice'. At about the same time, one of the Spice Girls had some cards with photos of footballers on them. She and Victoria looked at the cards.

له مانگی (9)ی (1996) دەڤید بۆ یەکەمجار یاریی بۆ ئینگلتەرا کرد. دواتر چەندین جار یاریی بۆ وڵاتەکەی کرد و له مانگی (11)ی ساڵی (2000)دا له یارییەکی دۆستانەدا لەگەڵ (ئیتالیا)دا ئەو کاپتنی نوێی ئینگلتەرا بوو.

یاریی باشی بۆ یانەی مانجستەر یونایتید کرد و له ساڵی (1999)دا سێ پاڵەوانێتیی گەورەیان بردەوە. دوو دانەی یەکەم پاڵەوانێتیی تۆپی پێی ئینگلیزی بوون. پاشان له بایرن میونیخیان بردەوە و جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایان بەدەست هێنا. ساڵێکی زۆر باش بوو بۆ (سوورپۆشەکان).

**((ڤیکتۆریا و بێکهام))**

(1999) ساڵێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ دەڤد، چونکه تیایدا هاوسەرگیریی لەگەڵ ڤیکتۆریا کرد. له ساڵی (1996) و (1997)دا باشترین گۆرانیبێژە کچەکان له بەریتانیا (سپایس گێڵ) بوون. گرووپێکی پێنج کەسی بوون. گۆرانییان دەوت و سەمایان دەکرد. له زۆر وڵات ناوبانگیان هەبوو.

ڕۆژێکیان هەندێك له یاریزانەکانی مانجستەر یونایتید سەیری (سپایس گێڵ)ەکانیان دەکرد له تەلەڤزیۆندا، یەکێکیان وتی: "دەیڤید، کچێکی تیایه بۆ تۆ، کچه قژ زەردەکە." دەیڤید وتی: "نەخێر، کچه قژ ڕەشه قاچ درێژەکە. ئەوە کچه گونجاوەکەیه بۆ من."

ئەو ڕاستی کرد. ناوی ئەو ( ڤیکتۆریا ئادەمس) یان (پۆش سپایس) بوو. له هەمان کاتدا یەکێك له کچەکانی گرووپی سپایس گێڵەکان چەند کارتێکی پێ بوو که وێنەی یاریزانەکانی تۆپی پێیان لەسەر بوو. ئەو و ڤیکتۆریا سەیری کارتەکانیان دەکرد.

---

(**Posh and Becks**): نازناوێکی بەربڵاو و باوە بۆ هەردوو ئەستێرەی ناوداری تۆپی پێ و گۆرانیوتن (بێکهام و ڤیکتۆریا) بەکار دێن.

(**Spice Girls**): گرووپێکی گۆرانیبێژی بەریتانی بوون. له پێنج کچ پێکهاتبوون و ساڵی 1994 دامەزرا.

"Who do you like?" she asked. Victoria looked at the pictures again.

"This man,' she said. 'I like this man." Her friends remembered. It was a photo of David Beckham. One day Victoria went to a Manchester United game in London and there was David Beckham. Later they talked, but David didn't say much to her. He wanted to be her friend, but she was very famous. He wasn't.

He was only a footballer. A month later they talked again after a game in Manchester, and then he telephoned her.

After that they were good friends - and after months they were in love.
But there was a problem. They often went away for their work. David played football and the Spice Girls sang in many countries of the world.

One day Victoria said, 'I'm sorry but we're going to be away from Britain for a year. We're going to visit thirty countries. It wasn't a happy time for them. David telephoned Victoria every day, sometimes five or six times.

In July 1999 he married her. It was the big story in the newspapers: 'Football star marries singing star'. After that Posh and Becks' were always in the newspapers.

ئەو پرسیی: "حەزت لە کێیە؟"

ڤیکتۆریا دووبارە سەیری وێنەکانی کردەوە.

وتی: "ئەم پیاوە. من حەزم لەم پیاوەیە."

هاوڕێکەی بەبیری هاتەوە وێنەی دەیڤید بێکهام بوو.

ڕۆژێك ڤیکتۆریا چوو بۆ سەیری یاریی مانجستەر یونایتید لە لەندەن و دەیڤید بێکهامیش لەوێ بوو. دواتر قسەیان کرد، بەڵام دەیڤید زۆر قسەی لەگەڵ نەکرد. دەیڤید دەیویست ببێتە هاوڕێی، چونکە کچەکە زۆر بەناوبانگ بوو، بەڵام دەیڤید وەك ئەو (زۆر) بەناوبانگ نەبوو.

ئەو تەنها یاریزانێك بوو. پاش مانگێك لە دوای یارییەکی مانجستەر یونایتید قسەیان کردەوە. دواتر دەیڤید تەلەفۆنی بۆ کرد. دوای ئەوە بوونە هاوڕێیەکی باش و پاش (6) مانگیش بوونە خۆشەویست.

بەڵام کێشەیەك هەبوو. زۆرجار ئەوان بەهۆی کارەکانیانەوە دوور دەکەوتنەوە. دەیڤید یاریی تۆپی پێی دەکرد و سپایس گێڵەکانیش لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا گۆرانییان دەوت.

ڕۆژێکیان ڤیکتۆریا وتی: "من داوای لێبووردن دەکەم. ئێمە بۆ ماوەی ساڵێك لە بەریتانیا دوور دەکەوینەوە و نیازمانە سەردانی (30) وڵات بکەین." ئەوە کاتێکی دڵخۆشکەر نەبوو بۆ ئەوان. دەیڤید هەموو ڕۆژێك، هەندێك کات پێنج یان شەش جار لە ڕۆژێکدا تەلەفۆنی بۆ ڤیکتۆریا دەکرد.

دەیڤید لە مانگی (7)ی ساڵی (1999)دا هاوسەرگیریی لەگەڵ کرد. هاوسەرگیرییەکەیان هەواڵی گەرم (چیرۆکی بەناوبانگ)ی ڕۆژنامەکان بوو: "ئەستێرەیەکی تۆپی پێ هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەستێرەیەکی گۆرانیوتندا کرد." دوای ئەوە چیرۆك و ڕووداوەکانی "ڤیکتۆریا و بێکهام" هەمیشە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بوون.

## The World Cup 2002: Bekkamu! Bekkamu!

In 2002 the final games of the World Cup were in Japan and Korea. England won their early games with no problems.
The England players arrived in Tokyo before the final games and went to their hotel in a bus. There were a lot of England fans in the streets. They were Japanese people.

'Look, David said to his friend. 'We've got a lot of fans in Japan. I didn't know.
'Not us, his friend smiled. 'It's you. Look at the number seven on their shirts. And listen.
"The people in the streets shouted, 'Bekkamu! Bekkamu!"

‘What are they saying?’ David asked
‘It’s your name,’ his friend smiled. It’s your name in Japanese.
For David the big day was 7 June 2002 England beat Argentina 1-0 a famous win. David scored the only goal. After that goal the newspapers never talked about the red card in 1998 again (or not very often!).

The World Cup in 2002 was a very good and interesting competition. England didn’t win. Brazil beat Germany in the final game. But England played well.

**((جامی جیهانیی (2002): بێکامو! بێکامو!))**

له (2002) له یارییەکانی کۆتاییی جامی جیهانیی یابان و کۆریا، ئینگلتەرا یارییەکانی سەرەتای بەبێ کێشە بردەوە.

پێش یارییەکانی کۆتایی، یاریزانەکانی ئینگلتەرا گەشتنە تۆکیۆ و لە پاسێکدا چوون بۆ هوتێلەکەیان.

هەوادارێکی زۆری ئینگلتەرا لەسەر شەقامەکان بوون. ئەوان یابانی بوون.

دەیڤید بە هاوڕێیەکەی وت: "سەیرکە! هەوادارێکی زۆرمان لە ژاپۆن هەیە. نەمزانی بوو."

هاوڕێیەکەی زەردەخەنەی کرد و وتی: "ئێمە نا. ئەوە تۆیت. سەیری ژمارە(7) بکە لەسەر درێسەکانیان و گوێیان لێ بگرە."

خەڵکی سەر شەقامەکە هاواریان دەکرد: "بێکامو! بێکامو!"

دەیڤید پرسیی: "ئەوان چی دەڵێن؟"

هاوڕێیەکەی زەردەخەنەی کرد و وتی: "ئەوە ناوی تۆیە. ناوی تۆیە بە زمانی یابانی."

ڕێکەوتی (7)ی مانگی (6)ی ساڵی (2002) ڕۆژێکی (خۆش) گەورە بوو بۆ دەیڤید، چونکە ئینگلتەرا بە ئەنجامی (1_0) لە ئەرجەنتینی بردەوە. بردنەوەیەکی گەورە. دەیڤید تاکە گۆڵی یارییەکەی کرد. دوای ئەو گۆڵە ڕۆژنامەکان هەرگیز باسی کارتە سوورەکەیان نەکردەوە کە لە (1998)دا وەری گرت (یاخود زۆر باسیان نەدەکرد). جامی جیهانیی ساڵی(2002) پاڵەوانێتییەکی زۆر چێژبەخش و باش بوو. ئینگلتەرا نەیبردەوە. لە یاریی کۆتاییدا بەڕازیل لە ئەڵمانیای بردەوە، بەڵام ئینگلتەراش ئاستێکی باشی پێشکەش کرد.

## A Family Man

David loves children, all children. He gives a lot of time and money to ill children. He writes to them. Sometimes he and Victoria visit them.

In March 1999 Victoria had Brooklyn, their first son. David was a father. Then in September 2002, Brooklyn had a little brother. His name is Romeo. At two years old Brooklyn had his first little red Manchester United shirt with his name on it. He can kick a football too.

David and Victoria come from good, happy families. Their fathers and mothers always loved them. David and Victoria give their children the same love.

"Posh and Becks' make a lot of money. They don't put all of it in the bank. They buy a lot of things, expensive things. David likes buying things for Victoria and his little boys.

## ((پیاوی خێزان))

دەڤید منداڵی خۆشدەویست. هەموو منداڵێکی خۆشدەویست. ئەو کات و پارەی زۆری بۆ منداڵانی نەخۆش دابین دەکرد. شتی بۆیان دەنووسی. هەندێك کات ئەو و ڤیکتۆریا سەردانیان دەکردن.

لە مانگی (3)ی ساڵی (1999) ڤیکتۆریا بڕوکلینی بوو. ئەوە یەکەم منداڵی کوڕیان بوو. دەڤید بوو بە باوك. لە مانگی (10)ی (2002) بڕوکلین برایەکی بچوکی پەیدا کرد ناوی (ڕۆمیۆ) بوو. بڕوکلین لە (2) ساڵیدا یەکەم درێسی سووری بچووکی مانجستەر یونایتیدی هەبوو کە ناوی ئەوی لەسەر بوو. ئەو ئەیتوانی شەق لە تۆپیش بدات.

دەڤید و ڤیکتۆریا لە دوو خێزانی دڵخۆش و باشەوە هاتنە دونیا. دایك و باوکیان هەمیشە خۆشیان دەویستن. دەڤید و ڤیکتۆریاش هەمان خۆشەویستییان بە منداڵەکانیان بەخشی.

"ڤیکتۆریا و بێکهام" پارەیەکی زۆریان پەیدا دەکرد. هەموو پارەکانیان نەدەخستە بانکەوە. ئەوان شتی زۆریان دەکڕی، شتی گرانبەها. دەڤید حەزی لە شتکڕین بوو بۆ ڤیکتۆریا و کوڕە بچووکەکانی.

He loves cars too. He has three Mercedes and two Ferraris. The Beckhams live in some very big houses.

David's photo is always in the newspapers and on television. People see him in this coat, in those shoes, with that telephone, and then they want to have those things too. He makes a lot of money every year from advertisements. Victoria makes a lot of money too, from her music. But the big money comes from David now.

## Goodbye to the Reds

The year 2003 was a very important year for David Beckham. First, Manchester United won a big competition. Then, in the summer, there was a new story in every newspaper: Real Madrid buys Beckham for £25,000,000'. After twelve years with Manchester United, David moved to Spain. His father was unhappy, but the move was good for David. Real Madrid and its players Zidane, Ronaldo, Roberto Carlos, Raúl, Figo - are famous in every country in the world.

Now David has a new white shirt for Real Madrid. He has a new number, 23. But he is the same David Beckham.

People like reading about him, his family, his houses, his hair. Children in many countries know his name. They play football in his shirt. They want to be famous. They want to be David Beckham.

دەڤید حەزی لە سەیارەیش هەبوو. سێ مارسیدز و دوو فێراری هەبوو. خانەوادەی بێکهام (بێکهامەکان) لە هەندێك خانووی زۆر گەورەدا دەژیان.

وێنەی دەڤید هەمیشە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و لەسەر شاشەی تیڤییەکان بوو. خەڵکی بەو چاکەت و پێڵاو و تەلەفۆنەوە دەیانبینی، دواتر ئەوانیش دەیانویست ئەو شتانەیان هەبێت. هەموو ساڵێك پارەی زۆری لە ڕیکلامەکانیەوە دەست دەکەوت. ڤیکتۆریاش پارەی زۆری لە میوزیك –گۆرانییەکانی–یەوە پەیدا دەکرد، بەڵام دەڤید بێکهام پارەی زۆرتری پەیدا دەکرد.

## ((ماڵئاوا سوورپۆشەکان))

(2003) ساڵێکی زۆر گرنگ بوو بۆ دەڤید بێکهام لەبەر ئەوەی: یەکەم، مانجستەر یونایتید پاڵەوانێتییەکی گەورەی بردەوە. دواتر لە هاویندا چیرۆکێکی نوێ هەبوو لە هەموو ڕۆژنامەکاندا، "ڕیاڵ مەدرید بێکهامی بە(25) ملیۆن یۆرۆ کڕیی. دوای (12) ساڵ یاریکردن بۆ مانجستەریونایتید دەڤید ڕۆشت بۆ ئیسپانیا. باوکی خەمبار بوو، بەڵام گواستنەوەکە بۆ دەڤید باش بوو. ڕیاڵ مەدرید و یاریزانەکانی– زێدان، ڕۆناڵدۆ، ڕۆبێرتۆ کارلۆس، ڕاول و فیگۆ– بەناوبانگ بوون لە وڵاتانی جیهاندا.

دەڤید درێسێکی سپیی هەبوو کە هیی ڕیاڵ مەدرید بوو و ژمارەیەکی نوێشی هەبوو کە ژمارە (23) بوو، بەڵام ئەو هەر دەڤید بێکهامەکەی جارانە.

خەڵکی حەزیان لە خوێندنەوە هەبوو دەربارەی ئەو، خێزانەکەی، خانووەکانی، یاخوود (ستایل)ی قژیشی. منداڵان لە زۆرێك لە وڵاتەکاندا ناوی دەزانن، یاری دەکەن و درێسەکەی لەبەر دەکەن، دەیانەوێت بەناوبانگ بن و ببنە دەڤید بێکهام.

| Num. | Vocabularies | Parts of speech | Pronunciation | Meanings |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Famous | / adj./ | فەیمس | ناودار (بەناوبانگ) |
| 2 | Captain | /n./ | کاپتِن | کاپتن |
| 3 | Story | /n./ | ستۆری | چیرۆك |
| 4 | Advertisement | /n./ | ئەدڤێتیسمنت (ئادڤێتایزمنت) | ریکلام |
| 5 | People | /n./ | پیپڵ | خەڵکی (لە یەك کەس زیاتر بن) |
| 6 | Footballer | /n./ | فوتبۆڵە(ر) | یاریزانی تۆپی پێ |
| 7 | Greece | /n./ | گرییس | وڵاتی یۆنان |
| 8 | Suddenly | /adv./ | سەدنلی | لەناکاو (لەپڕ) |
| 9 | World Cup | /n./ | وێڵد کەپ | جامی جیهانی |
| 10 | Winning | /n./ | وینین(گ) | بردنەوە |
| 11 | Score | /n./ | سکۆ(ر) | ئەنجام یان نمرە (خاڵ) |
| 12 | Take the kick | /exp./ | تەیك زە کیك | لێدانەکە جێبەجێ دەکات |
| 13 | Unhappy | /adj./ | ئەنهاپی | خەمبار |
| 14 | Referee | /n./ | رێفری | ناوبژیوان |
| 15 | Fan | /n./ | فان | هاندەر (لایەنگر) |
| 16 | Shout | /v./ - /n./ | شاوت | هاوار یان هاوار دەکات. |
| 17 | Newspaper | /n./ | نیوزپەیپە(ر) | رۆژنامە |
| 18 | Remember | /v./ | ریمێمبە(ر) | بیرهاتنەوە |
| 19 | Against | /pre./ | ئەگێنست (ئەگەینست) | دژ (بەرانبەر) |
| 20 | Run into | /phr. V./ | ڕەن ئینتو | خۆپیاداکێشان |
| 21 | Fall down | /phr. V./ | فۆڵ داون | دەکەوێتە سەر زەوی |
| 22 | Near | /pre./ | نییە(ر) | نزیك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | Smile | /v./ | سمایڵ | زەردەخەنە دەكات |
| 24 | Angry | /adj./ | ئانگری | تووڕە |
| 25 | Lightly | /adv./ | لایتلی | بەسوكی |
| 26 | Only | /adv./ | ئەونلی | تەنها |
| 27 | Card | /n./ | كاارد | كارت |
| 28 | Little | /adj./ | لیتڵ | بچووك (بچكۆلانە) |
| 29 | Picture | /n./ | پیكچە(ر) | وێنە |
| 30 | Important | /adj./ | ئیمپۆتنت | گرنگ |
| 31 | Come into the world | /expr./ | كەم ئینتو زە وێڵد | لە دایك دەبێت یان دێتە دونیاوە |
| 32 | Shirt | /n./ | شێرت | درێس (تیشێرت) |
| 33 | Good at sth | /adj./ | گود ئەت سەمسینگ | باشبوون لە شتێكدا |
| 34 | Schoolwork | /n./ | سكوڵوێرك | ئەرك (ئیش)ی قوتابخانە |
| 35 | Interesting | /adj./ | ئینترێستینگ | خۆش یان دڵخۆشكەر (چێژبەخش) |
| 36 | Strong | /adj./ | سترۆنگ | بەهێز |
| 37 | Quickly | /adv./ | كویكلی | بەخێرایی |
| 38 | Long | /adj./ | لۆنگ | درێژ |
| 39 | Short | /adj./ | شۆرت | كورت |
| 40 | Feet | /n./ | فییت | پێیەكان |
| 41 | Again and again | /adv./ | ئەگێن (ئەگەین) ئاند ئەگێن. | دووبارە و دووبارە (زۆر جار) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | Competition | /n./ | کۆمپیتیشن | پاڵەوانێتی (پێشبڕکێ) |
| 43 | Schoolboy | /n./ | سکوڵبۆی | قوتابیی کوڕ |
| 44 | Try | /v./ | ترای | تاقیکردنەوەی شتێك یان هەوڵدان |
| 45 | Start | /v./ | ستارت | سەرەتا (دەستپێك) یان دەست پێ دەکات |
| 46 | Also | /adv./ | ئۆڵسەو | هەروەها |
| 47 | Holiday | /n./ | هۆڵیدەی | پشوو |
| 48 | Son | /n./ | سەن | کوڕ |
| 49 | Young | /adj./ | یەنگ | گەنج |
| 50 | Sometimes | /adv./ | سەمتایمز | هەندێکجار |
| 51 | About | /pre./ | ئەباوت | دەربارەی یان نزیکەی |
| 52 | Friendly game | /expr./ | فرێندلی گەیم | یاریی دۆستانە |
| 53 | Many times | /phr./ | مێنی تایمز | زۆرجاران (زۆر بار) |
| 54 | Country | /n./ | کەنتری | وڵات |
| 55 | Beat | /v./ | بییت | بردنەوە یان لێدان |
| 56 | Marry | /v./ | ماری | هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات |
| 57 | Singer | /n./ | سینگە(ر) | گۆرانیبێژ |
| 58 | Look at sth or sb | /phr. V./ | لوك ئەت سەمسینگ ئۆر سەمبۆدی | سەیرکردنی شتێك یان کەسێك |
| 59 | Want | /v./ | ۆنت | دەیەوێت (ویستن) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 60 | Later | /adv. / | لەیتە(ر) | دواتر |
| 61 | Telephone | /v.  or n./ | تێلەفەون | تەلەفۆن یان تەلەفۆنی بۆ دەکات |
| 62 | Friend | /n./ | فرێند | هاوڕێ |
| 63 | Be in love | / phr. / | بی ئین لەڤ | لەخۆشەویستیدابوون |
| 64 | Problem | /n./ | پرۆبڵم | کێشە |
| 65 | Go away | /phr. V./ | گەو ئەوەی | دوورکەوتنەوە |
| 66 | Visit | /v./ | ڤیزیت | سەردانیکردن |
| 67 | Star | /n./ | ستاا(ر) | ئەستێرە یان کەسێکی لێهاتوو و درەوشاوە لە بوارێکدا |
| 68 | Always | /adv./ | ئۆڵوەیز | هەمیشە |
| 69 | Early | /adj./ | ئێرلی | زوو یان سەرەتا |
| 70 | Arrive | /v./ | ئەڕایڤ | دەگات |
| 71 | Hotel | /n./ | هەوتێل | ئوتێل |
| 72 | Bus | /n./ | بەس | پاس |
| 73 | Street | /n./ | سترییت | شەقام |
| 74 | Japanese | /n./ | جاپنییز | یابانی |
| 75 | Know | /v./ | نەو | زانین یان ناسین |
| 76 | Name | /n./ | نەیم | ناو |
| 77 | Never | /adv./ | نێڤە | هەرگیز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | Talk | /v./ | تۆك | قسەکردن |
| 79 | Often | /adv./ | ئۆفن (ئۆفتن) | زۆرینەی جار |
| 80 | Well | /adv./ | وێڵ | زۆر بەباشی |
| 81 | Love | /v./ | لەڤ | خۆشویستن |
| 82 | Children | /n./ | چیڵدرین | منداڵەکان |
| 83 | Ill | /adj./ | ئیڵ | نەخۆش (بیمار) |
| 84 | Too | /adv./ | توو | زۆر یان هەروەها |
| 85 | Family | /n./ | فامیلی | خێزان |
| 86 | Give | /v./ | گیڤ | پێدان |
| 87 | Make money | /phrase/ | مەیك مەنی | پارەپەیداکردن |
| 88 | Put | /v./ | پوت | دانان |
| 89 | Bank | /n./ | بانك | بانك |
| 90 | Buy | /v./ | بای | دەکڕێت |
| 91 | Expensive | /adj./ | ئیکسپێنسیڤ | گرانبەها |
| 92 | Some | /det./ | سەم (سم) | هەندێك |
| 93 | Have | /v./ | هاڤ | هەبوون (منداڵبوون) |
| 94 | Live | /v./ | لیڤ | دەژی |
| 95 | Photo | /n./ | فەوتۆ | وێنە |
| 96 | Coat | /n./ | کەوت | کۆت (چاکەت) |
| 97 | Spain | /n./ | سپەین | ئیسپانیا |
| 98 | France | /n./ | فرانس | فەڕەنسا |
| 99 | England | /n./ | ئینگلاند | ئینگلتەرا |
| 100 | Brazil | /n./ | برزیل | بەڕازیل |
| 101 | Argentina | /n./ | ئاجەنتینا | ئەرجەنتین |
| 102 | Move | /v./ / n./ | موڤ | ڕۆشتن یان گواستنەوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 103 | Hair | /n./ | هەیە(ر) | قژ |
| 104 | Quiet | /adj./ | کوایەت | بێدەنگ (هێمن) |
| 105 | Because | /conj./ | بیکۆز | لەبەر ئەوەی (چونکە) |
| 106 | Greek | /n./ | گرییك | یۆنانی |
| 107 | Goal | /n./ | گەوڵ | گۆڵ یان ئامانج |
| 108 | Television | /n./ | تێلەڤیژن | تەلەڤزیۆن |
| 109 | Korea | /n./ | کرییا | کۆریا |
| 110 | Japan | /n./ | جپان | یابان |
| 111 | Final | /adj./ | فاینەڵ | کۆتایی |
| 112 | Germany | /n./ | جێرمنی | ئەڵمانیا |
| 113 | Same | /adj./ | سەیم | هەمان |
| 114 | Christmas | /n./ | کریسمس | کریسمس (سەری ساڵ) |
| 115 | question | /n./ | کوێسچن | پرسیار |